# رەنگ لە شیعرەکانی عەبدوڵا گۆران دا

پ.د محمد أحمد سعيد
زانكۆی سلێمانی / كۆلیژی زمان

## پێشەكی

رەنگ لەشیعرەکانی گۆران دا,توێژینەوەیەکی شیکاری و وەسفیە دەربارەی بەکارهێنانی رەنگەلای گۆرانی شاعیر .

گومانی تیا نییە کە رەنگ بە هەموو چەشنەکانییەوە کە سەرچاوەکەی سروشتە. هەمیشە لەبەر دیدەو بینینی مرۆڤدایە. لە ژیانی رۆژانەیدا بە دیمەن و بینین مامەڵەی لەگەڵدا کردووە، هەمیشە کاریگەری سایکۆلۆژی لەسەر بووە.. لەنێو زمانەکانیشدا بەپێی سیماو کارلێکەکانی، هێمای جیاجیایان بۆ دانراوە. یاخود بەپێی وێنەو رەنگ و جۆری پێکهاتنیەوە واتاو ناوی لیَ نراوە. بۆیە بە یەکێ لە بوارە واتاییەکانی زمان دائەنرێ، وەك گروپێکی وشە پەیوەندییە واتاییەکانیان دەرئەکەوێ.

هەر ئەو کاریگەری و دیمەن و وێنە واتاییانەش وایکردووە کە مرۆڤ مامەڵەیان لەگەڵدا بکات و پێی کاریگەر بێ، لە ئاخاوتن و لە روانین و رەهەندە جۆربەجۆرەکاندا پەنای بۆ بەرێ. شیعریش وەك بابەتێکی ئەدەبی کە بە زمان دەرئەبڕێ رەنگیش بوارێکی واتای زمانە، بۆیە رەنگ لەنێو ئەدەبیاتدا (شیعر) حزوری بەرچاوی خۆی هەیە. لەنێو شاعیرانی کوردا ئەبینین گۆران وەك شاعیرێکی گەورەی ئەدەبیاتی کوردی کە شیعرەکانی لە ریزی بەرهەمی شاعیرە ناودارەکانی دونیایە نموونەیەکی دەگمەن و توانی فەرهەنگی وشەی کوردی بۆ زمانەکەمان دەوڵەمەند بکاو بە وشەی کوردی پەتی موتوربە بکا. هەر لە شیعریشدا یەکێتی بابەت و روخساری پێکهێنا. وێڕای هەموو ئەو داهێنان و ئەفراندنانەو تازەکردنەوەی شیعری کوردی. بۆ گەشەو نەشونمای ئەدەب و شیعری کوردی. داهێنانێکی تری هێنایە ئاراوە ئەویش مامەڵەکردنی بوو لەگەڵ رەنگداو تەوزیفکردنی لە شیعرەکانیدا. بەجۆرێك جیاواز لە شاعیرانی پێش خۆی، لە رووی سیماو واتاوە.. بەکارهێنانی بۆ وەسف و پەسن. لە شیعرەکانیدا. هەر ئەو داهێنانەش بووە مایەی نووسینی ئەم توێژینەوە، کە ناوەرۆکەکەی بریتیە لە ئامارێکی گشتی رەنگە بەکارهێنراوەکانی ناو شیعرەکانی گۆران و لە جۆرو شێوازو تەوزیفی سەرجەم رەنگەکان. هەروەها کاریگەرییان لەسەر شاعیرو چۆنێتی مامەڵەکردن، کە نزیکەی (٣٠٥) جار رەنگی بەکارهێناوە هەریەکەیان لە شوێنی شیاوی خۆیان، کە بە چەندین وێنەی شیعری ناسك و پاراوی ئیستێتیکی دەریخستوون...

## رەنگ لە شیعری گۆران دا

**رەنگ بە هەموو جۆرو سیماکانیەوە کە سەرچاوەکەی سروشت و سەرچاوەکانێتی هەمیشە لەبەر دیدەو بینینی مرۆڤدا خۆی ئەنوێنێ. سەبارەت بە جۆرو ژمارەکانیەوە لەنێو زمانەکانی جیهاندا نیشانەو هێمای جیاجیایان هەیە. لە مێژووی سەرهەڵدان و هەست پێ کردنیەوە گۆڕانی بەسەردا هاتووە. مرۆڤ بەپێی تێگەیشتن و لێکدانەوەی خۆی و گۆڕینی باری ئابووری خۆی سیماو دەلالەتەکانی رەنگ گۆڕاوەو بە چەندین قۆناغدا تێپەڕیوە.**[1]

**لە زمانیشدا رەنگ بە یەکێك لە بوارە واتاییەکان دائەنرێ، بواری واتاییش بریتیە لە گروپێکی وشە کە پەیوەندییەکانی واتایی لەنێوانیاندا بەدی دەکرێن، زۆرجار وشەیەکی گشتی کۆیان دەکاتەوە.**[2]

**هەر خودی وشەی رەنگ لە زمانی ئینگلیزیدا (color)ی پێ ئەوترێ و لە عەرەبیشدا (لون) واتایەکی سەرەکییەو هەموو رەنگەکان و چەشنەکانی ئەگرێتەوە. چەندین جۆرو ژمارەیان لیَ ئەکەوێتەوە. وەك سوور،**

زەرد، سەوز، شین، رەش، قاوەیی،...تاد، ئەچنە ژێر خانەی رەنگەوە، یان کۆمەڵێکی تر لە ئەنجامی لێکدانو تێکەڵکردنی دوو رەنگ یان زیاتر رەنگی تری لێ ئەکەوێتەوە وەك مۆر، ئاڵ...تاد.

رەنگەکانی سروشت بە هەموو چەشنەکانیەوە لە تەوزیفو بەکارهێناندا لەنێو زماندا یان لەنێو بەرهەمی ئەدەبیدا رۆڵێکی کارایان هەیە لە دروستبوونی خوازەدا یان میتافۆردا جوانیو ئیستاتیکا ئەبەخشنە بەرهەمو ئاخاوتنەکان کە چەندین واتای جیاواز دروست ئەکەن. ئەوەی شایانی تێبینییە سەبارەت بەو واتا جیاوازانە کۆکبوونی ئێمەو دەبێ پێی لەسەر دابگرین. ئەمەش بەهۆی وەرگرتنی یەکێك لەو واتایانە وەکو ناوەندێكو واتاکەی کەش وەکو پەراوێز، کە میتافۆر **methaphore** یان بە **transterred** ناسناو دەکرێت.(٣)

بەپێی ئەم بۆچوونە هەر وشەیەك لە واتایەك زیاتری هەبوو واتاکانی تر ئەبنە خوازە یان میتافۆر. لای گۆرانیش هەموو ئەو رەنگانە لەناو شیعرەکانیدا کاری واتایی خۆیان کردووەو شێوازێکی خوازەییان وەرگرتووە کە سەلیقەو کارامەیی گۆرانی شاعیریان تیا بەرجەستە بووە.

بێگومان رەنگەکان وەك بەشێکی سروشت یاخود زادەی سروشتنو مرۆڤیش کە فامی کردووەتەوەو چاوی بە سروشت هەڵهێناوە هەمیشە کاریگەری لەسەر بووە. زۆرجار پەنای بۆ بردووە شاعیرانیش وەك خاوەن بەهرەو سەلیقەی خۆیان بەو سروشتە کاریگەر بوون، هەمیشە هێماو سروشو ئیلهامی شیعرەکانیان لەو سروشتەوە وەرگرتووە لای شاعیرانی کوردیش ئەتوانین بڵێین زۆربەی کەرەسەکانی سروشتیان لە شیعرەکانیاندا مەزراندووە. لەنێو شیعرەکانیاندا رەنگەکانی سروشت حزوریان هەبووە. بەپێی ئەو بارودۆخە دەروونیو کۆمەڵایەتیەی خۆیان هاتوون رەنگەکانیان وەك هێماو نیشانەو دەلالەت ئاوێتەی ئاخاوتنە شیعرییەکانی خۆیانیان کردووە. یان خواستوویانە، لەگەڵ وشەی تردا ئیدیۆمو فرەیزی خوازەییان رێکخستووە لە شیعرەکانیاندا تەوزیفیان کردوون. هەر رەنگەو بۆ واتاو واتایەکی تایبەت بە رەنگدانەوەی بارە سایکۆلۆژیو سۆسیۆلۆژیەکەی، تامو بەهایەکی ئیستێتیکییان پێ بەخشیوە. بێسارانی شاعیر زۆرجار رەنگی زەردو هاوواتاکانیو رەنگی زەردی پایزی بەکارهێناوە هەروەها مەولەوی و چەند شاعیری تر مامەڵەیان لەگەڵ ئەو رەنگەدا کردووە.

گۆرانیش بەوپێیەی کاریگەری سروشتی لەسەر بووە، دیمەنە رەنگینەکانیو ژینگەکەیو کاریگەری شاعیرانی پێش خۆیو بارە دەروونییە ناسکەکەیو ئەو دۆخەی کە بەشێك بووە لە ژیانی، ئەبینین لە بەشێکی زۆرو بەرچاوی شیعرەکانیدا، رەنگ لە شیعرەکانیدا ئامادەیی هەبووەو توانیوێتی مامەڵەیەکی راستگۆیانەی لەگەڵدا بکات بەشێوەیەکی جوانکارییانە بەکاریهێناوە بە چەند واتاو داتا هەڵسوکەوتی لەگەڵدا کردوون. هەر رەنگەو بۆ مەبەستو هێمایەك خستوویەتیە نێو شیعرەکانیەوە.

بەکارهێنانو پەنابردن بۆ رەنگەکان لای گۆرانی شاعیر وا کەوتووەتەوە کە زۆرجار چەند رەنگێك لە یەك تاکە شیعردا هاتووە یان هەندێ جار لە قەسیدەیەکدا تەنها رەنگێ هاتووە، یاخود... رەنگێ بەپێچەوانەی واتا راستەقینەکەی بەکارهێناوە ئەوەش بەپێی شوێنو بەکارهێنانی واتای شیعرەکە یان قەسیدەکە بووە.یاخود(وەك دیاردە لەشێوازی شیعرەکانیدابەکارهاتووەولەکۆی دیوانەکەیدا خۆڵەزیاترلە٣٧٧وشەدەدات)(*)

هەر بەوپێیەی کە گۆرانی مەزن وەك شاعیرێکی شەیدای سروشتو دیاردەکانی لەناو سروشتیشدا رەنگەکان بوونەتە هەوێنی زۆرێك لە دێرو پارچە شیعرەکانیدا کە پانتاییەکی بەرچاوی داگیرکردووە.لەم توێژینەوەیەدا لەکۆی دیوانەکەیدا نزیکەی ٣٠٦جار رەنگەکان بەواتای خوازەیی خۆیان تەوزیف کراون.بەمجۆرە بۆ هەر رەنگێك چەندین دێر بە نموونە ئەهێنینەوە لە واتاو ژمارەو جۆرو ئاماریان ئەدوێین.

رەنگی سوور:

ئەم رەنگە لەنێو زۆربەی میللەتاندا بە هێمای خوێن، شۆرش، بەرخودان، شەهیدبوون ئەناسرێ، "رەنگی خوێن سوورە"[٤]، بە شێوازی تریش لێك ئەدرێتەوە کە "واتای ژیان ئەبەخشێ".[٥]

لەنێو کۆمەڵی کوردەواریشدا هێمای خەباتو قوربانیدانو خۆشەویستیشە، هەروەها بۆ خۆرازاندنەوەو ئاڵ و واڵا هاتووە.

لای شاعیرانی کوردیش بەتایبەتی لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم بەدوواوە ئەم رەنگە لەنێو شیعری کوردیدا حزوری هەبووە، هەرلە ماوەی بەرخودان شکستی شۆرشەکانی کوردەوە، شاعیران ئەم رەنگەیان لە شیعرەکانی خۆیاندا مەزراندووە بۆ هێمای خەباتو شۆرشو قوربانیدان. لەنێو سروودو شیعرە نیشتمانیو نەتەوەییو سیاسییەکان بۆ بەرخودان شەهیدبوونو جونبشی شۆرشەکان بووە. لای گۆرانی شاعیریش بە چەندینماناو هێما هاتووە.

گەر ئامارێکی شیعرەکانی بکەین، دەرئەکەوێ کە نزیکەی (٤٨) جار ئەم رەنگە بەکارهاتووە. وەك:

- سوور وەك خۆی بۆ وەسف، شت، کەس، دیاردەو کەرەسەکانی سروشت:

میوەی گەیشتووی زەردو سووری باخ
جریوەو جووکەی دارستانی شاخ[٦]

- هێما بۆ رازاندنەوە...

زەردو سوور تێکەڵ بوون ژن و پیاو هەرایە
لەوناوە هەر هارەی هەیاسەی تۆ نایە[٧]

- بۆ رەنگی گوڵ:

لە هەچ باخێك گوڵێکی سوورم دیبێ
بۆی چووم هەزار درك لە پێم چەقیبێ[٨]

- لێکچوان بەواتای خوێنی جگەر و نووسین بە خەتی سوور:

گەر راستە مەلەك نامە بی ئەعمالم ئەنووسێ
با سوور بێ وەك خوێنی جگەر خەگگی کیتابم[٩]

- بۆ رازاندنەوەی مرۆڤ، سروشت:

تا دەرچوو لەوێ تارای سووری بووك
رمبازی ساردبوو تەقە تاك و تووك[١٠]

- بۆ هێمای بیروباوەڕ، ئایدیۆلۆژیا، دەربڕینی بیری چینایەتی:

یان لەسەر سووسەیەك بیرو بڕوای سوور
ئەنێرن زنجیربەند بۆ زیندانی دوور [11]

- هێما بۆ کەسێکی خۆشەویست، دلبەر، لە زمانی برزۆوە:

بەلام سوورە گوڵێك هەیە لەم دێ یە [12]
مەنیجی ناوە

لە زمانی وەنەوشەوە:

لای وایە ئەم شوێنە ئەم پرسەی پرسی
دەرحەق گوڵی سوور [13]

- بە واتای سوورکردن... رەنگ کردنی سروشت:

تا گوڵاڵە دەشتو دەر سوور نەکا
پیاو ئاسان خوارو ژوور نەکا [14]

- پەڕەی گوڵیان بە رەنگی سوور ئەکرد
وا هەڵبەستیان پێشکەش بەرەو ژور ئەکرد. [15]

- بەکارهێنانی لەگەڵ وشەی تردا "او،باو":

وەك بووك ئەندامیان لە سووراو نابوو
لەنجەی تاو تاویان بۆ چپەی با بوو [16]

بەمجۆرە ئەبینین کە گۆران رەنگی سووری بەم هێماو دەلالەتانە لە شیعرەکانیدا تەوزیف کردووە. لەگەڵ ناوو کردارو چاوگو رەنگدا بەکارهێناوە.. رەنگی سووریش لە شیعرەکانیدا واتای ژیانەوەو خۆبەختکردنو قوربانیدانو رازاندنەوە لە پرۆسەی وەسفو لێکچواندندا ئەگەیەنێ:



سەوز:

ڕەنگی سەوز ڕەنگێکی سروشتیە. کە ڕەنگی دارو درەختو میوەیە، واتای ژیانو بەخشینی ژیانەوەیە، سەرچاوەی ژیانیشە بۆ بوونەوەران.[١٧] جگە لەوەی کە ڕەنگی سروشتە بەتایبەتی ڕەنگی بەهارە. لای کوردیش ئەم ڕەنگە زۆر پیرۆزە، چونکە "نیشانەی ئارام بەخشیو دڵنیابوونو قایلبوونە".[١٨]

ئەم ڕەنگە لە شیعری شاعیرانی کورداو لە بابەتی وەسفدا وەسفی سروشتو بەهاردا بەکارهێنانێکی بەرچاوی هەیە، بەوپێیەی کورد وەك میللەتێکی کشتوکاڵیو خاوەن تاقیکردنەوەیەو بەرهەمی کشتوکاڵی دارو درەختیش سەوزە. بۆیە لە پەسنی دارو درەختو سەوزایی پێدەشتو کەنار ڕووبارو چیاکاندا بەکارهاتووە چونکە بە سەوز ڕازاوەتەوەو بووەتە هەوێنی چەندین تێکستی شیعری لای شاعیران.

گۆرانی شاعیر لەو پارچەو دێڕە شیعرانەی بۆ وەسفی سروشتو بەهارو لە هەردوو گەشتەکەیداو لە چەندین شیعری تریدا نزیکەی (٣٥) سیو پێنج جار ڕەنگی سەوزی چ وەك وشەی سادە یان لێکدراو بەواتای سەوزیو گیاو گەڵاو مەزراو مێرگ و...تاد هاتوون.

- نە ورشەی گیای مێرگی سەوزی دەمەو بەهارم

  نە شنەی بای دارستانی چڕی نزارم... [١٩]

  ئەمەو چەند دێڕێکی تر نیشانەی سەوزیو بوژانەوەی ژیان ئەبەخشن.

- یان لە پەسنی ژندا بەتایبەتی جلوبەرگی ژنو ڕازاندنەوە وەك:

  کراس کەتانی کەوا سەوزی بەژنو باڵا بەرز

  بە شانو گۆزەوە جوانی ئەی پەری سەر ئەرز [٢٠]

- بۆ لێکچواندن لە سروشتدا:

  لەسەر قەبرەکان داری ئەرخەوان

  وەك بووکی تارا سەوزی ئاودامان [٢١]

  لێکچواندنی داری ئەرخەوان بە بووکی تارا سەوزی ئاودامان.

- بۆ وەسفی دیمەنی ڕوبارو دەشتەکان:

  بووکی تانجەرۆی ناو دۆشەکی سەوز

  ئەتروکێ چاوی شینی بە وەنەوز [٢٢]

  گیا وردەی پایز سەوزی نەرم و تۆڵ

  قەیفە پۆشی ڕووی تەختی خاك و خۆڵ [٢٣]

  ئەی گیا سەوزەکەی دڵ فەرەحاوی

  وەك تۆ سەرگەرمی سەوداوی هەتاوی [٢٤]

- یان بۆ پۆشینی دەشتو دەرو کەناری چۆمەکان، لێرەدا وەك بەرگی یان بۆ شین بوون هاتووە..

  وشکە چەم جەوری سەردەم هەڵساوە

  بەرگی سەوزو نەرمی بەهار ژاکاوە

تەلانی ناوباخی پڕ فەرشی گیای سەوز

(لێڵاو)ی باران کردوویە بە حەوز

لەبەر پێی نەمامی چوالەدا سەوزاو

لە روومەت تکاوە رژاوەتە ئاو (٢٥)

لەم دێڕانەدا چەندجار سەوز دووبارە بووەتەوە، بەرگی سەوز، گیای سەوز، سەوزاو کە هێمای رازاندنەوەو ژیانەوەیە بۆ سروشت.

- یان لەم دێڕەدا:

جادەی شۆڕاو بریقەی دێ وەك بلوور

تیا ئەلەرزێ (وێنە)ی گڕی سەوزو سوور (٢٦)

کە بۆ وەسفی شوێن، جادە یان شەقامەکانی مۆسکۆیە کە لەبەر پاکی و جوانی گڕی سەوزی تیا رەنگ ئەداتەوە..

- لە شوێنێکی تردا بەواتای شین بوونو رووان هاتووە:

هێزی ژیان بە دوایەوە

ئەڕوا گەڵاو گیا سەوز ئەکا (٢٧)

- لە وەسفی نیشتماندا کوردستان:

چیاکانی کوردستانمان

هەموو سەرپۆش سپی و بەرزن

بەرپێی بەفراو داوێن سەوزن (٢٨)

- بۆ هێمای بەرخودانو رزگاری:

بۆ ڕەنگی سەوز پاش رەنگی ئاڵ

بۆ رزگاری لە ژینی تاڵ (٢٩)

یاخود لە هەندێ لەو شیعرانەی کە مەتەڵن، بۆ بیر لێ کردنەوەو دۆزینەوەی واتاکانیان یان ناوی ئەو شتەی کە شیعرەکە مەبەستێتی، واتە بۆ هەڵهێنان کۆمەڵێ دێڕە شیعری هەیە رەنگی سەوزی بەکارهێناوە، وەك:

بزانی مەتەڵ سەوزەی روو سوورە

ئەڵێی لە وزەی کڕین ئای دوورە

یاخود: مەتەڵی حەوت پیت رەنگی کڵاو سەوز

ئاو ناخوا بەر پێی نەکەون حەوز (٣٠)

کە هەردووکیان لەبری ناوی دوو سەوزە بن "تەماتەو باینجان" لە کۆبەندی ئەو دێر شیعرانەیدا رەنگی سەوز وەك رەنگ بۆ پەسنی کەرەسەو پێکهاتەکانی سروشت وەك ئاوەڵناوو ناو دەرکەوتوون لە شێوەی سەوز، سەوزە، سەوزاو هەروەها لەگەڵ چاوگو کردار سەوزکردن، سەوزکا بەکارهاتووە.




شین:

رەنگێکی سروشتیە، بەوپێیەی دوو پێکهاتەی گرنگ لە سروشتدا رەنگیان شینە ئەویش ئاسمانو ئاوە. ئاسمان بەوپێیەی فەزایەکی رەهەند دوورە ئەوا لای مرۆڤو روانینی بەو قووڵایی ئاسمانەدا شێوەی ئاسمانی لا شینە، هەروەها بۆ ئاویش بەهەمان شێوە. هەمیشە بەواتای پاکی دێن.(٣١)

لای هەندێ لە میللەتانیش وەك میسرییەکان رەنگی شین رەنگێکی پیرۆزە، لای کوردیش بۆ ماتەمو خەمباری بەکارهاتووە، بەتایبەتی لای ژنی کورد.

هەر لای کورد واتای تری هەیە کە رەنگی شین بەواتای ئاسمانی بەرینو لەبن نەهاتوو و بەرزی ژیان ئەگەیەنێ.(٣٢)

ئەم رەنگە ناوە ناوە لە شیعری کوردیدا بەکارهاتووە بەتایبەتی لە شیعری سەدەی بیستەمداو لای شاعیران بۆ وەسف لە بواری کۆمەڵایەتیدا.

گۆرانی شاعیر لە شیعرەکانیدا ئەم رەنگەی مەزراندووە، بۆ ئەفراندنی وێنەی شیعری داویەتیە پاڵ ئاو و گۆماو، دەریا، چاو، قوبەو ئاسمان، سەڵتە، ئارەق و قەرسیل، کە نزیکەی (٢٠) جار لە شیعرەکانیدا دووبارە بووەتەوە، زیاتر وەك دیارخەری شتو کەرەسەکانی سروشت وەك دەرخستنی رەنگیان، کە هێماو جوانیەکی داوە بە شیعرەکانی، ئەگەرچی لای شاعیرانی کورد بۆ رەنگی چاو بە رەنگی رەش وەسفکراوە بۆ جوانی چاوی دلبەر، یان کەس، گۆران رێچکەیەکی تری هێناوەتە ئاراوە بۆ رەنگی چاو ئەویش "شین"ە وەك لەم لێکچواندنەدا:

به دوو چاوی وەك دەریا شین
پڕ لە زەردەخەنەی شیرین (٣٣)
توخوا بەو جووتە چاوە شینانە
ئاخر نیگاتە تیر بۆم بروانە (٣٤)

بووكی تانجەرۆی ناو دۆشەكی سەوز
ئەترووكێ چاوی شینی بە وەنەوز [٣٥]
لێك نێ چاوی مەیلەو شینت
وردە جوڵەی خەو بینینت [٣٦]

لەم دێڕە شیعرانەدا رەنگی شین بە وێنەی لێكچواندن هاتووە. بۆ هێمای رەنگی چاو هاتووە.

هەرچی ئەوانی تریشە زیاتر بۆ پەسن و دەرخستنی رەنگی كەرەسەكانی سروشتە وەك: گۆم، دەریا، قوبە، ئاسمان، ئاو، جلوبەرگ، ئافرەت و قەرسیل...

نە لەرزینی چینی سەر رووی گۆماوی شینم
نە بریقەی دووری چەمی باش زۆر بارینم [٣٧]

وەسفی گۆماوە...

رەنگی شین و بەكارهێنانی لەناو شیعرەكانی گۆراندا بەم هێڵكارییە ئەخەینە روو:




زەرد:

رەنگی زەرد رەنگی هەتاو، خۆرە، خۆریش سەرچاوەی ژیانە، هێمای خۆشیو دڵخۆشیو خۆئامادەكردنە، لەناو زۆربەی نەتەوەكاندا بە رەنگو هێمای ئارامیو پیرۆزی ناسراوە، زیاتر لە رەنگەكانی رووناكیو رۆشنایی ئەگەیەنێ. [٣٨]

بەوپێیەی ئەم رەنگی زەردە رەنگی هەتاوو رەنگی زێڕیشە. خۆر وەك سەرچاوەی ژیان، زێڕ وەك كانزایەكی پڕبەها هەروەها رەنگی زەردەپەڕی خۆر لە زەردەی ئێواراندا كە رەنگێكی ئاڵتوونیە، هەر بۆیە لای مرۆڤ بەهای خۆی هەیە.. پێچەوانەی ئەمەش رەنگی زەرد نیشانەی تێكچوونو نەخۆشیو لاوازیو هەڵوەرینو خەزانی پایزییە لە سروشتدا.

ئەم رەنگە لەناو شیعری شاعیرانی كورد زۆرجار بەواتای رەنگ زەردیو لاوازیو خەزانو هەڵوەرین هاتووە، بەتایبەتی لە شیعری دیالێكتی گۆران، هەورامیدا، بێسارانی چەندین دەقی پایزی هەیە كە رەنگی زەرد تیایدا حزووری هەیە، هەروەها لە گۆرانی فۆلكلۆریشدا بۆ دەربڕینی خەم و دابڕان هاتووە...

ڕەنگ زەردی خەزان خەتای پایزەن

ڕەنگ زەردییەکەی من دووری ئازیزەن

کەچی لای گۆرانی شاعیر ڕەنگی زەرد بە واتاو هێمای وەسفو پەسنی سروشتو کەرەسەکانی مرۆڤو ڕەگەزی مێو میوەو باڵندەو مێروو و گەڵا هاتووە، هەندێ جاریش بۆ دەربڕینو وێنای ڕەنگ زەردیو لاوازی مرۆڤ هاتووە. ئەوەی لە دێڕە شیعرەکانی گۆراندا دەرکەوتووە ئەوەیە پێچەوانەی شاعیرانی پێش خۆی لە وەسفو پەسنی قژدا کە جاران ڕەنگی ڕەشیان بەکارهێناوە، کەچی ئەم هاتووە ڕەنگی زەردی بۆ ڕەنگی قژ پرچ بەکارهێناوە کە وەرچەرخانێکی دیاربووە هەروەها داهێنانێکی تازە بوو لە شیعری کوردیدا توانی جوانیەکی پڕبەها بە وێنە شیعرییەکانی بدا، گۆران لە شیعرەکانیدا نزیکەی (٥٥) پەنجاو پێنج جار زەردی بەکارهێناوە لە وشەی سادە یان لێکدراوا، یان لەگەڵ وشەی تردا وەك هێما، یان وەسف دەرخستنی شێوەی کەرەسە بەکارهاتووەکان ئەم نیشانەو هێمایانەی لەخۆگرتووە.

- بۆ وەسف یان هێما بۆ ڕەنگی میوەو گەڵاو سروشتو وەرزی پایز:

میوەی گەیشتووی زەردو سووری باخ

جریوەو جووکەی دارستانی شاخ (٣٩)

یەك جوانییە بای پایز

گەڵای زەرد ناکا هەرگیز

قژی زەرد با پەشێو بێ

بەستەی خەم لەسەر لێو بێ (٤٠)

- بۆ دەربڕینی ماتەم و هەڵوەرین و خەزان:

بەسەر پایزی زەردا یا بە خوڕ بگری بە کوڵ بگری

لەسەر ئاخر گەڵا ئاخر چڵی تەنیایی گوڵ بگری

بەخوڕ بگری بەسەر دەشتو دەری وشکا

بەسەر داری گەڵای زەردا بەسەر پووش و بەسەر دڕکا (٤١)

گۆران لێرەدا لە شیعری هەوری پایزدا ڕەنگی زەردی بۆ هێمای خەزانو هەڵوەرین بەکارهێناوە:

یاخود: گهبیعەت زەردو ژاکاوە لە حاڵی گییان کەنشتایە

نیشانەی ماتەمی پایز لە فرمێسکی دڕشتایە (٤٢)

- بۆ پێدانی بەهایەکی جوانی، شاعیرانی پێشوو ڕەنگی ڕەشیان بۆ قژ یان زوڵف بەکارهێناوە، کەچی گۆرانی شاعیر زەردی بەکارهێناوە بەهایەکی جوانی پێ بەخشیوە:

ئەی قژ زەرد: ئەی بەژنو باڵا کەڵەگەت

بۆ کز وەستاوی بەرامبەری من

ئەی قژ زەرد بە بەژنی ناو دەرگا گرتووت

هەروەکو پەیکەری شۆخی خەمخواری

ئەی قژ زەرد ئەی گەردن بەنازو لارگرتوو

دیوێکم لە پاسا تۆی، دیوێك باخە (٤٣)

یاخود لە شیعری "قالە مرد" دا ئەڵێ:

ئاسمانی شینی ئەیلوولی قژ زەرد

نازانێ تینووی فرمێسکە دووری هەرد (٤٤)

- لەگەڵ وشەو مۆرفێمی تردا: وەك ناو بەکاریهێناوە، وەك:

زەردە، زەردەخەنە

نەورۆزی من بەهارییە

زەردەخەنەی رووی سروشتە (٤٥)

- هێما بۆ لێکچواندن:

دەغڵم وەك ئاڵتوون زەردە

وەرزێر داس لە هەسان دە (٤٦)




سپی:

رەنگی سپی بە سەرەتای هەوەڵین رەنگەکان لە قەڵەم ئەدرێ. هەمیشە لە مێژوودا لە مێژووی میللەتاندا هێمایە بۆ پاکێتی و ئاشتیو تەبایی، لە کۆندا لای ئاینەکان ,زەردەشتیەکان و موسوڵمانەکان رەنگی سپی هێمای پاکیو پیرۆزیی بووە چونکە سەرچاوەی رۆشناییو روناکیە، ئەم رەنگە لەگەڵ کۆمەڵێ وشەدا یەکئەگرێ واتای جوان جوان ئەبەخشێ، وەك بەفری سپی، کۆتری سپی، رووسپی، تارای سپی، سپێدە، رووناکو...تاد. بێ لەوەش کۆمەڵێ هاوواتای تریشی هەیە، رەنگی کۆمەڵێ کەرەسەی تری سروشتە.

لەلایەکی ترەوە لەلای کۆمەڵێ گروپو میللەت واتای خۆبەدەستەوە دان ئەبەخشێ.(٤٧)

ڕەنگی سپی لای گۆرانی شاعیر بە چەندین واتاو وەسف لە شێوەی ئاوەڵناوو ناوو فرەیزدا هاتووە. نزیکەی (٤١) چلو یەك جار لە شیعرەکانیدا دووبارە بووەتەوە. کە بەم شێوانەیە.

- بۆ وەسفی ئاژەڵ:

جوان جوان ئەڕوا بە قونە قون
سرك و گورج سپیو خرپن (٤٨)

- بۆ وەسفی ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ، ژن:

باڵا بەرزو بچکۆلە پێ و ئیسکارپین
گۆرەویو و پووز، سفتو سپیو ئاوریشمین
قۆڵ و مەچەك سافو سپی وەك شووشە
سەر پەنجەکان یاقووتێك بوون بە ورشە (٤٩)

- وەك ناو "سپی بوون" لەگەڵ کردارو چاوگدا:

تاکو لەپڕا کەوتمە ناو دۆزەخی غوربەت
کەم کەم سپی بوو یادت لەسەر لەوحی خەیاڵم (٥٠)

- لە وەسفی سروشت و دیاردەکانیدا:

سەرپۆشی لووتکەی بەفری زۆر سپی
بە دارستان رەش ناو دۆڵی کپی (٥١)

هەروەها مانگی سپی، چیای سپی، نێرگزی سپی، لووتکەی سپی و گڕی سپی، نزاری سپی، باخچەی زەمەقی سپی کە دیارخەری ناون.

- بۆ وەسفی باڵندە:

ئەو ئاسمانە شینەی ژور سەر
کۆتری سپی تیا خول ئەخوا.
بەبێ خەتەر ,مژدەی گوڵ بە بلبل ئەدا(٥٢)

- بۆ رەگەز، مرۆڤ:

سپی و زەرد رەش رێگای یەککگرتن
تینووی گیانی گورانیش پۆل رۆبسن (٥٣)

- وەك رەنگ:

ئەی لاوانی گشت دنیا هەلسینکی
باخچەی زەمەقی سپی
دلتان پڕە لە پاکی
پاکی رەنگی سپی شیر.. (٥٤)

بەم دێڕانەو ئەوانەی تری نێو شیعرەکانی گۆران، ڕەنگی سپی لایەنە جوانیو پاکیو پیرۆزییە پڕبەهاکەی بەکارهێناوە وەکو سیفەتێك و هێمایەك بۆیان.




ڕەش:

ڕەنگی ڕەش بە تێکەڵبوونی لەگەڵ ڕەنگەکانی تردا بەرەو نەمان ئەچێ.[٥٥] لای کوردو هەندێ میللەتی تر نیشانەی نامۆییو خەمباریو ماتەمینیو ڕۆژگاری ڕەشە، هەروەها هێمای تاریکییە. لە هەندێ بواری تردا "واتای شەرمەزاری گوناهە".[٥٦]

لە مێژووی نەتەوەی کوردا ئەم ڕەنگە واتای دڵتەنگیو ناخۆشیو ڕۆژانی ڕەشو تازیەباری ئەگەیەنێ. لە زۆر بۆنەو دووای ڕووداوو کارەساتەکان کە بەسەر کوردا هاتووە ئەم ڕەنگی ڕەشە لە بەکارهێناندا حزوری هەبووە. بەتایبەتی لە شیعردا. شیعری لاواندنەوەو ماتەمینیەکان، کەچی لای گۆران بە هەردوو لایەنەکەی لایەنی خەمباریو لایەنی ئیستێتیکی بەکارهاتووە.. لە دیوانەکەیدا نزیکەی (٥٧) پەنجاو حەوت جار ڕەنگی ڕەشی بەکارهێناوە لە شێوەی ئاوەڵناوو ڕەنگو ناوی لێکدراوو فرەیزدا. کە هەر هەموویان پێدانی سیفەتن.

لەو ژمارانە نزیکەی (١٦) شازدە جار بارە نێگەتیڤیەکەی ڕەشبینیو تاریکیو ناخۆشیو مەینەتیەکەی وەرگرتووە، وەك:

- وەیا هەتالە دەروونی ڕەشی کڵا ئەنوێ
  بەچی لە زیخی دراوسێ فەرق ئەکا گەوهەر؟ [٥٧]
- قوڵپی گەشی خوێنی جوانی دێتەوە لەشم
  دیسان شەبەق ئەدا ئاسۆی ئاسمانی ڕەشم [٥٨]
- توخوا دڵەکەم کوانێ خوگووراتی جوانیت
  بۆ ڕەش هەموو ئوفقی خەیاڵاتو سەرابم [٥٩]
- لە بەختی تاری شەو ناکەم شیکایەت
  شەبیهە چونکە بەو زوڵفی سیایەت [٦٠]

لێرەدا لەجیاتی رەنگی رەش وشەی تار، تاریك واتە رەش ی بەکارهێناوە، بەختی رەش، هەروەها وشەی سیا هەر بە مانای رەش هاتووە.

- کەوتە تەنکی هەوری رەشی چڵکنی پێشوو
  ئەلوانی قەزەح تێکەڵی بوو کون بووە ناوی (٦١)
- دڵم وا گێژ ئەدا گەرداوی یەئس و نائومێدی رەش
  مەگەر تۆ بێیتە ئیمدادم، گەلاوێژ! ئەی ستارەی گەش (٦٢)
- وەك دایکان شیوەنێك بگێڕێ بە گەرم
  رەش کا بۆی بەرگی (٦٣)

هەروەها بۆ لایەنە پۆزەتیڤیەکەشی نزیکەی (٣٩) جار بۆ وەسفی راستیو جوانی شتو کەسەکان یان دیاردە سروشتیەکانە، وەك:

- بەڵام ئەی یار، یاری نازدار شۆڕەژنی شۆخ
  بە لێوی ئاڵ! بە چاوی رەش، چاوی رەشی تۆخ (٦٤)
- یەکێ قژ زەرد یەکێ چاو رەش
  یەکێك لێو وەك گوڵ غونجە گەش (٦٥)
- وەك سوێسکە بڕۆ، ئاسکە نیگای چاوی رەش و مەست
  پڕ عیشوە، بچەرخێنە ئیتر هیچ مەبە دەربەست (٦٦)
- پێچکەی پشتە سەر لەسەر زوڵفی رەش
  با بجریوێنێ وەك ئەستێرەی گەش (٦٧)

گۆران رەنگی رەشی بەم شێوازانە بەکارهێناوە، بۆ وەسفی پرچ و زوڵف، رەگەزو رەنگ، چاوو برۆ، هەندێ لە دیاردەو کەرەسەکانی سروشت وەك هەور، دەریا، کاتو شوێن، ناوە گوزارەییەکان..تاد. لە هەندێ شوێن وشەکانی سیا و تار ی لەبری رەنگی رەش بەکارهێناوە.



ئاڵ:

ڕەنگێکی مەیلەو سووری کاڵە، لەنێوان پەمەیی‌و سووردایە. لەناو کورددا ئەم ڕەنگە بۆ ڕەنگو ڕوو و ڕووخسار بەکارئەهێنرێ، هێمایە بۆ نیشانەی جوانی ڕەنگو ڕووخسار یان بۆ دەرخستن‌و وەسفی شت، گوڵ، ئەم ڕەنگە زیاتر لە شیعردا زیاتر لای گۆرانی شاعیر بەکارهاتووە بۆ وەسفی پێستی مرۆڤ، کەمتریش لە شیعری شاعیرانی تردا دەرئەکەوێ.

گۆران لە شیعرەکانیدا نزیکەی (١٧) جار دووبارەی کردووەتەوە بۆ وەسفی کوڵم، لێو، گوڵ، ڕەنگ، پێست.

ئە بەکارهێنانەی ڕەنگی ئاڵ لای گۆران دیسان هێمایەکەو گۆران لە شاعیرانی تر جیائەکاتەوە، بەوەی چەند حەزی لە ڕەنگەکان کردووەو توانیوێتی لە شوێنی شیاوی خۆیاندا لە وێنەی شیعری ناسکدا جێ بکاتەوە. بە واتاو هێمای پڕاوپڕی واتای خۆیان، لە شێوەی لێکچواندن‌و خوازەی شیاودا. وەك لەم نموونە شیعرییانەدا:

- کام ئەستێرەی گەش؟ کام گوڵی کێویی؟
  ئاڵە وەك کوڵمی؟ گۆی مەمکی لێوی [٦٨]
  ئەستێرەی گەش‌و گوڵی کێوی لە بەرامبەر ئاڵی کوڵم و گۆی مەمك و لێوی.

یان: کوا ماچی لێوی ئاڵ
جورعەی ئەبەد خەیاڵ [٦٩]

لە هەردوو دێڕەکەداو لە شێوەی پرسیاردا ئاڵی بەکارهێناوە بۆ وەسفی لێوو کوڵم‌و گۆی مەمك.

- بۆ میوە:
  کوڵم کە میوەیەکە ئاڵ و مزری سەر لقی لەش
  وە نەرمی سینە کە لانەی خەوێکە یەزدانی [٧٠]
- بۆ ڕەنگ وەك ڕەنگ بۆ هێمای بەرخودان:
  لە ئاسۆی دووری وڵاتم
  ورد ورد گێڕام چاوی خەیاڵ
  بۆ ڕەنگی سەوز پاش ڕەنگی ئاڵ
  بۆ ڕزگاری لە ژینی تاڵ [٧١]
- "بۆم ڕووانی، بۆی ڕوانیم بە دوو چاوی ڕەش
  سەرکوڵمی ئاڵتر کرد زەردەخەنەی گەش [٧٢]
- ئەی قژی زەرد وەکو پووش دەسکەنە بە
  ئەی لێوی ئاڵ، بەبێ زەردەخەنەبە [٧٣]

ئەم نموونانە زیاتر بۆ دەربڕینی بیری بەرخودان و خەبات‌و هاندانە.

کوڵم، لێو، پێست، ئەندامانی لەشی مرۆڤ ← ئاڵ — بیری بەرخودان و خەبات.

رەنگ:

وشەی رەنگ کە ناوێکە یان وشەیەکە دەربڕی واتای هەموو رەنگەکانە، هەموو رەنگەکان بە سادەو نەسادەکانیانەوە ئەچنە ژێر خانەی ئەم وشەیەوە، نەك هەر تەنها واتای وشەکانی رەنگ، "بەڵکو هەموو ئەو رەنگانەی کە لە سروشتدا هەن زۆربەشیان ناویان نییە، ئەوا دەکەونە ژێر چەتری ئەم وشەیەوە".(٧٤)

وێڕای ئەوەش هەر وشەی رەنگ لەگەڵ چەندین وشەی تردا یەك ئەگرن‌و وشەی لێکدراوو داڕێژراو پێکئەهێنێ، سیمای رەنگی تر وەرئەگرێ وەك رەنگاورەنگ، رەنگوبۆ، رەنگین، رەنگی چاو، رەنگی قیر، هەریەکەیان سیماو دەلالەتێکی واتایی پێ ئەبەخشێ.

وشەی رەنگ بەو سیمایانەی لە شیعرەکانی گۆراندا دووبارە بووەتەوە ئەوە ئەسەلمێنێ کە گۆرانی شاعیر خولیای بەکارهێنانی بووەو توانیویێتی لە جوانترین‌و ناسکترین شێوەدا جێیان بکاتەوەو وێنەی هونەری لێ بهێنێتە کایەوە، هەر بۆ نموونە:

لەم دێڕە شیعرانەدا بەکاری هێناون، کە جێگەی رەنگەکانی تر بگرنەوە، هەندێ جار لەگەڵ وشەی تردا لە شیعردا مەزراندوویەتی. نزیکە (٢٠) جار "رەنگ"ی لە شیعرەکانیدا تەوزیف کردووە. وەك: رەنگ رەنگ، رەش رەنگ، رەنگاورەنگ، رەنگوبۆ، رەنگین، سووراو رەنگ، رەنگ کردن، رەنگ + کردار، رەنگی قیر، رەنگی گوڵ، رەنگی چاو. وەك لەم نموونانەدا:

- ئەملا یەك پەڵە ئەولا یەك پەڵە هەوری رەنگاورەنگ
  لە ناوەراستا بەدەم ئاسۆوە رۆژی شۆخ‌و شەنگ (٧٥)
- سەوزە گیای پاراو گوڵ‌و گوڵاڵە دەستی رەنگوبۆ
  درەخت تازە شین، سەرلق رازاوەی، گوڵ گەڵا، چرۆ (٧٦)

رەنگو بۆ بۆ بەخشینی کەف‌وکوڵی‌و جوانیە.

- مەلی سەر بنچك پەل‌وپۆ رەنگین، خۆ من هەڵۆ نیم
  لێم مەفڕن جووت جووت مەترسن ئاخر پێتان بڵێم چیم (٧٧)

وشەی رەنگین جوانیەکی بۆ مەلی سەر بنچك داوە.

- پەڕەی هەڵاڵەی چوالە سووراو رەنگ
  جار جار ئەوەرێ بە خشەی پێی هەنگ (٧٨)

پێدانی رەنگی سووراو بە چوالە.

- عەرش! وەك درندە، وەك هار عەرش
  دنیا رەنگ کە بە خوێنی گەش (٧٩)
- حیکمەت چیە پێستی رۆمی‌و حەبەشی
  ئەمیان سپی ئەویان رەنگی قیر لێ نیشت؟ (٨٠)
- وەك گوڵ پیاڵە بەرمەدە لە دەست،
  لەگەڵ گوڵ گوڵ رەنگی چاو و برۆ مەست (٨١)

رەنگ، گوڵ رەنگ، رەنگی چاو ← رەنگ + ناو.




رەنگی تر:

گۆران وێڕای بەکارهێنانی رەنگە سادەکانو وشەی خودی رەنگ، هەر بۆ هێمای رەنگ کۆمەڵێ رەنگی تری لە شیعرەکانیدا بەکارهێناوە کە هەندێکیان سادەنو هەندێکی تریان لە رەنگەکانی ترەوە وەرگیراون یان هی زمانی ترن. وەك: ئەلوان، ئەرخەوانی، پەمەیی، کاڵ، خاکی. ئەلوان یەك جار هاتووە، ئەرخەوانی دوو جار، پەمەیی ٣ جار، کاڵ ٥ جار، خاکی یەك جار هاتووە..

- بۆ ئەلوان:

کەوتە تەنکی هەوری رەش و چڵکنی پێشوو
ئەلوانی قەزەح تێکەڵی بوو کون بووە ناوی (٨٢)

وشەی ئەلوان کۆی (لون)ی عەرەبی بە واتای رەنگ.

- بۆ ئەرخەوانی:

بووکی ژێر تارای رەنگ ئەرخەوانی
شۆخ و شەنگە وەك گوڵی بەیانی (٨٣)

هەم وشەی رەنگ و هەم ئەرخەوانی بەکارهێناوە، کە لە گوڵی دار ئەرخەوانەوە وەرگیراوە.

- بۆ پەمەیی:

پێست پەمەیی لەش نەرم و شل
نیوە رووتی تەنکی جل (٨٤)

بۆ وەسفی جوانی لەشو لاری کچ.

- بۆ کاڵ:

لە پرشنگیا هەیە شێوەی چاوی کاڵ،
لە لەرزینیا زەردەخەنەی لێوی ئاڵ! (٨٥)

رەنگ ئاڵ بۆ پرشنگ و چاوی کاڵ.

- بۆ خاکی:

ئەو مەحمود جەودەتەی سروشتی خاکی بوو

سەرتاپای کردەوەی پاکی بوو، چاکی بوو [٨٦]

خاکی وەك سروشتو تەبع لە رەنگی خاکەوە هاتووە، کە بۆ کەسێکی سادەو ساکارو بێ فیزو رەوشتبەرز ئەوترێ، لێرەدا بۆ وەسفی سروشتو ئاکار هاتووە ئەو شێوە رەنگەی خاکی پێدراوە.




پەراوێزەکان:

١. اللغه واللون، أحمد مختار عمر، دار البحوپ العلميه، الكويت، ١٩٨٢، ص٤٩.

٢. رەنگ لە زمانی کوردیدا، مصگفی محمد کریم زەنگنە، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠٠١، ل٤٧ یان Leherer Adrinne, Semantic Cuisine. Jornalof linguistics, ١٩٦٩, p. ٥-٣٩-٥٥

(*).شێوازی شیعری گۆران,پەخشان عەلی ئەحمەد,نامەی ماستەر,زانکۆی کۆیە,کۆلێژی زمان,٢٠٠٧ل١٨٨.

٣. Bloom field, ١. Language uwin university. London ١٩٦٩, p.١٤٩

٤. فوزی رشید، الالوان و دلالاتها، مجله ئافاق العربيه، العدد (١)، ١٩٩١، ص١٥٠.

٥. محمد جابر عبيد، التشكيل اللونی فی الشعر العراقی الحديپ، مجله الاقلام، عدد (٢)، ١٩٨٩، ص١-١٢.

٦. دیوانی گۆران، کۆکردنەوەو ئامادەکردنی محمدی مەلا کەریم، کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا، ١٩٨٠، ل٩.

٧. هەر ئەو سەرچاوەیە، ل١٦.

٨. هەر ئەو سەرچاوەیە، ل٤٨.

٩. هەر ئەو سەرچاوەیە، ل٦٧.

١٠. هەر ئەو سەرچاوەیە، ل١٤٩.

١١. هەر ئەو سەرچاوەیە، ل٢٥٨.

١٢. هەر ئەو سەرچاوەیە، ل٣٤٧.

١٣. هەر ئەو سەرچاوەیە، ل٣٤٨.

١٤. هەر ئەو سەرچاوەیە، ل٣٥٨.

١٥. هەر ئەو سەرچاوەیە، ل٣٣٩.
١٦. هەر ئەو سەرچاوەیە، ل١٧٦.
١٧. فوزی رشید، الالوان و دلالاتها، مجله ئافاق العربیه، العدد (١)، ١٩٩١، ص١٥٠.
١٨. یدالله ی شهبازی، تجلی رنگ در اندیشه و تفکر ملت کرد، گۆڤاری زرێبار، ژماره (٢)، ل٤٨.
١٩. دیوانی گۆران، ل٤٣.
٢٠. هەر ئەو سەرچاوەیە، ل٦٠.
٢١. هەر ئەو سەرچاوەیە، ل١٣٧.
٢٢. هەر ئەو سەرچاوەیە، ل١٤١.
٢٣. هەر ئەو سەرچاوەیە، ل١٦٧.
٢٤. هەر ئەو سەرچاوەیە، ل١٦٨.
٢٥. هەر ئەو سەرچاوەیە، ل١٧٨و١٧٩
٢٦. هەر ئەو سەرچاوەیە، ل٣٠٤.
٢٧. هەر ئەو سەرچاوەیە، ل٤٠٦.
٢٨. هەر ئەو سەرچاوەیە، ل٣١٤.
٢٩. هەر ئەو سەرچاوەیە، ل٣٢٥.
٣٠. هەر ئەو سەرچاوەیە، ل٥٣٧.
٣١. یدالله ی شهبازی، تجلی رنگ در اندیشه و تفکر ملت کرد، ل٤٨.
٣٢. رەنگ لە زمانی کوردیدا، مستەفا زەنگنە، نامەی دکتۆرا، ل٥٥.
٣٣. دیوانی گۆران، ل٥٦.
٣٤. هەر ئەو سەرچاوەیە، ل٩٣.
٣٥. هەر ئەو سەرچاوەیە، ل١٤١.
٣٦. هەر ئەو سەرچاوەیە، ل٤٣١.
٣٧. هەر ئەو سەرچاوەیە، ل٤٣.
٣٨. شیرین احسان شیرزاد، مبادئ فی الفن والعماره، بغداد، ل١٧٩. یان رەنگ لە زمانی کوردیدا، مستەفا زەنگنە، نامەی دکتۆرا، ل٥٤.
٣٩. دیوانی گۆران، ل٩.
٤٠. هەر ئەو سەرچاوەیە، ل٨٩ و ٩٠.
٤١. هەر ئەو سەرچاوەیە، ل١٦٥.
٤٢. هەر ئەو سەرچاوەیە، ل١٦٦.
٤٣. هەر ئەو سەرچاوەیە، ل٢٠٦ و ٢٠٧.
٤٤. هەر ئەو سەرچاوەیە، ل٢١٢.

٤٥. هەر ئەو سەرچاوەیە، ل٤٠٥.
٤٦. هەر ئەو سەرچاوەیە، ل٤٢٩.
٤٧. أحمد مختار عمر، اللغه و اللون، ١٩٨٢، ص١٣٢.
٤٨. دیوانی گۆران، ل١١.
٤٩. هەر ئەو سەرچاوەیە، ل٣٤ و ٣٥.
٥٠. هەر ئەو سەرچاوەیە، ل٤١.
٥١. هەر ئەو سەرچاوەیە، ل١٢٧.
٥٢. هەر ئەو سەرچاوەیە، ل٣٢٧.
٥٣. هەر ئەو سەرچاوەیە، ل٢٧٩.
٥٤. هەر ئەو سەرچاوەیە، ل٣٣٠.
٥٥. رەنگ لە زمانی کوردیدا، مستەفا زەنگنە، نامەی دکتۆرا، ل٥٨.
٥٦. فوزی رشید، الالوان و دلالاتها، ص١٥١.
٥٧. دیوانی گۆران، ل١٩.
٥٨. هەر ئەو سەرچاوەیە، ل٤٤.
٥٩. هەر ئەو سەرچاوەیە، ل٦٧.
٦٠. هەر ئەو سەرچاوەیە، ل٦٨.
٦١. هەر ئەو سەرچاوەیە، ل١٧٢.
٦٢. هەر ئەو سەرچاوەیە، ل١٧٣.
٦٣. هەر ئەو سەرچاوەیە، ل٢٠٨.
٦٤. هەر ئەو سەرچاوەیە، ل٤٣.
٦٥. هەر ئەو سەرچاوەیە، ل٥٣.
٦٦. هەر ئەو سەرچاوەیە، ل٣٣.
٦٧. هەر ئەو سەرچاوەیە، ل١٥٣.
٦٨. هەر ئەو سەرچاوەیە، ل١٠.
٦٩. هەر ئەو سەرچاوەیە، ل١٤.
٧٠. هەر ئەو سەرچاوەیە، ل١١٢.
٧١. هەر ئەو سەرچاوەیە، ل٣٢٥.
٧٢. هەر ئەو سەرچاوەیە، ل٣٤٨.
٧٣. هەر ئەو سەرچاوەیە، ل٣٥٦.
٧٤. رەنگ لە زمانی کوردیدا، مستەفا زەنگنە، نامەی دکتۆرا، ل٤٧.
٧٥. دیوانی گۆران، ل١٦٩.

٧٦. هەر ئەو سەرچاوەیە، ل١٦٩.
٧٧. هەر ئەو سەرچاوەیە، ل١٦٩.
٧٨. هەر ئەو سەرچاوەیە، ل١٦٩.
٧٩. هەر ئەو سەرچاوەیە، ل١٩٧.
٨٠. هەر ئەو سەرچاوەیە، ل٤٦٧.
٨١. هەر ئەو سەرچاوەیە، ل٤٩٣.
٨٢. هەر ئەو سەرچاوەیە، ل١٧٢.
٨٣. هەر ئەو سەرچاوەیە، ل١٥١.
٨٤. هەر ئەو سەرچاوەیە، ل٥٤.
٨٥. هەر ئەو سەرچاوەیە، ل١٧٤.
٨٦. هەر ئەو سەرچاوەیە، ل٩١.

ئەنجام

-رەنگەکانی سروشت بەهەمووچەشنەکانییەوەلەتەوزیف وبەکارهێنان دالەنێوزماندا یان لەنێوبەرهەمی ئەدەبیدا رۆڵێکی کارایان هەیە لەدروست بوونی خوازەداوجوانی ئەبەخشێتە بەرهەم وئاخاوتنەکان وچەندین واتای جیاواز دروست ئەکەن.

-شیعروەك بابەتێکی ئەدەبی کە بەزمان دەرئەبڕێ،رەنگیش بوارێکی واتایی زمانە،بۆیە لەنێوئەدەبیاتدا حزوری بەرچاوی هەیە.لەنێوشاعیرانی کورداگۆران وەك شاعیرێکی گەورەی ئەدەبیاتی کوردی داهێنانێکی تری هێنایەئاراوە.ئەویش مامەڵەکردنی بوولەگەڵ رەنگدا،هەروەهامەزراندنی بەشێوەیەکی ئیستێتیکی لەشیعرەکانیدا.

-گۆران نزیکەی٣٠٦جار رەنگی بەکار هێناوە لەزۆرەوەبۆکەم رەش٥٧جار.زەرد٥٥جار،سوور٤٨جار.سپی٤١جار،سەوز٣٥جار،شین٢٠جار،رەنگ٢٠جار،ئال ١٧جار،رەنگی تر١١جار.

سەرچاوەکان:

کوردییەکان:

١) دیوانی گۆران،کۆکردنەوەو ئامادەکردنی محمدی مەلا کەریم، کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا، ١٩٨٠.
٢) رەنگ لە زمانی کوردیدا، مصگفی محمد کریم زەنگنە، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠٠١.
٣)شێوازی شیعری گۆران،پەخشان عەلی ئەحمەد،نامەی ماستەر،زانکۆی کۆیە،کۆلێژی زمان،٢٠٠٧.

عەرەبییەکان:

٤) اللغە واللون، أحمد مختار عمر، دار البحوپ العلمیە، الکویت، ١٩٨٢.

٥) مبادئ فى الفن والعماره،شيرين احسان شيرزاد، بغداد.

٦ )التشكيل اللونى فى الشعر العراقى الحديپ، محمد جابر عبيد،مجله الاقلام، عدد (٢)، ١٩٨٩.

٧)الالوان و دلالاتها، فوزى رشيد، مجله ئافاق العربيه، العدد (١)، ١٩٩١،

فارسى:

٨)يداللهشهبازى ,تجلى رنگ در أنديشه و تفكر ملت كرد، گۆڤارى زرێبار، ژ (٢)، ١٩٩٨.

ئينگليزييه‌كان:

٩)Leherer Adrinne, Semantic Cuisine. Jornal of linguistics, ١٩٦٩.

١٠)Bloom field, ١. Language uwin university. London ١٩٦٩.

# اللون في شعر كۆران

محمد احمد سعيد

## ملخص البحث

هذه الدراسة الموسومة( اللون في شعركۆران) دراسة تحليلية ووصفية لاستعمالات اللون عندالشاعركۆران.لاشك فيه ان اللون بكل انواعه والذي مصدره الطبيعةدوما عندمرأى الانسان وتعامل معه في حياته اليومية.ودوماكان اثره النفسي على الانسان,وفي اللغات وضعت له الرموزحسب سماته وتفاعله ,وجائت تسمياته المختلفةحسب الشكل واللون ونوع تكوينه.لهذااعتبرمن الجوانب المعنوية للغة,سمات اللون وتأثيراته جعل الانسان أن يتعامل معه ويتأثربه ويلجأالى استعماله عندالكلام وتأملاتها.

الشعر كموضوع ادبي بارز يعبرعنه باللغة,واللون يشغل حيزامعنويا فيها,لذافأن اللون له حضورلافت دائم في الادب.وفي الادب الكوردي يحتل كۆران موقع الصدارةفي استعماله للون حيث أثرى الادب الكوردي بصوره الفنية البهيجة وله الاسبقيةفي توحيد الموضوع والشكل,ومع كل تلك الابداعات والتجديد التي أحدثهافي الشعر الكوردي ترى انه أبدع في مجال اخر وهوتعامله مع اللون وتوظيفه بشكل لم يسبق اليه شاعراخرفي الادب الكوردي,والذي شجعني على كتابة هذه الدراسة هوذلك الابداع.وتتضمن دراستنا هذه احصائا عاما للالوان المستعملة عند كۆران وتوظيفها بشتى الانواع ارجو ان اكون قدوفقت في دراستي هذه,والله من وراء القصد

# Colour in Abdulla groans poem

## "Adescription and analytical study of using colour in Goran poems


## Abstract

There is no doubt that colour, whose source is nature,with all its types is always before the eyes of humans.In our daily life,it has been treated in terms of vision and sight.Among thr languages,according to their iteraction and features,colours have been represented in different ways.Or they have been nemed according to their images.types of formation.That is why colour is considered as one of the semantic domains of lanuages

These effects, visions and semantic images have made humans deal with colour and be affected with it and make use of it in speaking ,view points and different dimentions.Poetry is litrary subject expressed using language and colour has its own semantic domain in the language consequently,colour has its own status in literature-poetry.Among the Kurdish poets,we can see that Goran,as an outs banding poet of Kurdish literature whose poems are equal to the worlds famous poems,is a rare figure who could enrich the Kurdish lexicon with new words and vocabulary i.e pure Kurdish words.

He also formed the unity of form and content.Despite those invention, critivity and innoration of Kurdish poetry, Goran also made another contriution to develop Kurdish literature which was his way of treating colour and its utilizing in his poems. Unlike his predecessors,he used colour for description.This invention led to write this research whose content is mainly ageneral statistic of the colour used in Gorans' poems,types and styles of colours .This research is also about utilizing of all colours and their effects on the poet and the way of treating it.No doubt,Goran has used colour about (٣٠٦)times each one in its appropriate place and presented their beauty within poetic images.